# بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق
# "خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی"

**د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

## تەوەری یەکەم: سەرقەڵەمێک لە ژیانی عادل ڕەفیق

ناوی تەواوی ڕەئوف محەمەد ڕەفیق محەمەد مەعروف بەرزنجی، ناسراوە بە عادل ڕەفیق، ساڵی ١٩٤٨ لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێشدا لە دایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە.

ناوبراو بەهۆی گەورەبوونی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە لایەک و لەژێر کاریگەری مامۆستاکانی لە لایەکی دیکە، لە تەمەنی لاویەتییەوە تێکەڵاوی خەباتی ڕێکخراوەیی و سیاسی بووە. بەمەش لە قۆناغی ناوەندیدا دەچێتە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتریش ساڵی ١٩٦٢ دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی هاتنی هێرشی حەرەس قەومی بۆ ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، عادل ڕەفیق ناچار دەبێت ماوەیەک بچێتە دەرەوە شار، بەڵام ئەوە چوونە دەرەوەیە زۆر ناخایەنێت، چونکە ناوبراو بۆ ئەوەی لە خوێندن دانەبڕێت لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە ناو شاری سلێمانی.

لە دەمی ئاڵۆزبوونی پێوەندییە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٦٤ و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، عادل ڕەفیق لە تەک باڵی مەکتەبی سیاسی دەمێنێتەوە، بەمەش تا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ لە کاری سیاسی لەگەڵیاندا بەردەوام دەبێت. ناوبراو دوای ئەو قۆناغە ماوەیەک لە سیاسەت دووردەکەوێتەوە و لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ناچێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

عادل ڕەفیق لە ئەیلولی ١٩٧٣ لە ڕێگای مامۆستا جەمال تاهیر-ەوە، پێوەندی دەکات بە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان. بەمەش لە نێو چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە دەکەوێتەوە ناو ژیانی سیاسییەوە.

لە قۆناغی دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥، عادل ڕەفیق لەگەڵ کاری مامۆستایەتی درێژەی بە خەباتی نهێنی داوە لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان، بەمەش لە کۆمیتەی سەرکردایەتی شارەکان و ڕێکخراوی سلێمانیدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە.

لەو پێودانگەدا عادل ڕەفیق هەم لە دروستکردنی کەرتی خوێندکاران، هەمیش لە کۆنفرانسی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕۆڵی دیاری هەبووە. بەدەر لە وانەش لەو چالاکییانەی لە ناو شارەکان، کە ئەنجامدراون، وەک کارەکتەرێک بەشداری کردووە.

عادل ڕەفیق لە ئابی ١٩٨٢ بەشداربووە لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. وەڵی لەو سەروبەندە، بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە، تووشی جۆرێک لە بێ ئومێدی بووە، بۆیە چەند جارێک ئەوەی نەشاردۆتەوە و بڕیاری ئەوەی داوە، دەست لەکار کێشانەوەی پێشکەش دەکات، بەڵام هەر جارە و لە ژێر کاریگەری هاوڕێیەکی بڕیارەکەی دوا دەخات، تا دەگاتە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە لە تەمموزی ١٩٨٤.

شایەنی باسە، لە دوای ئەو کۆنفرانسە و زیاتر قاڵبوونەوەی کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستان، عادل ڕەفیق دەست لە کار دەکێشێتەوە. بەمەش لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ لەگەڵ هەریەک لە: مەلا بەختیار، شێخ جەمال شێخ نووری، ئەحمەد عەلی لە ماڵی حەمە سەعیدی موهەندیس بڕیار لە دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش دەدەن. لەو ساتەوە ناوبراو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش لە ناو شارەکاندا دەکات، تا ئەوەی لەبەر مەترسی گرتن ڕوو دەکات شاخ و لە ١٠ی مایسی ١٩٨٦ لە زێوێ دەگیرسێتەوە.

عادل ڕەفیق لە پلنیۆمی یەکەمی ئاڵا شۆڕش دا، کە لە ١٦ی تەمموزی ١٩٨٦ گرێدراوە، بەشداریکردووە و لەگەڵ هەر یەک لە سالار عەزیز و حاجی مەمۆ بە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش هەڵبژێدراون. بەمەش عادل ڕەفیق لەو ئەرکەدا ماوەتەوە تا پلنیۆمی دووەمی ئاڵا شۆڕش لە تەمموزی ١٩٨٧.

لە دوای پلنیۆمی دووەم، تا کۆتایی ئابی ١٩٨٨ عادل ڕەفیق لە کارەکانی ئاڵای شۆڕش خۆی کەنارگیر دەکات، بەڵام لە دەمی کۆبوونەوەی ڕەوتی حیزبی شیوعی لە ناو ئاڵا شۆڕش و ئەنجامدانی کۆنفرانسەکەیان لە ئابی ١٩٨٨، عادل ڕەفیق دێتەوە مەیدانی کارکردن و لەگەڵ هاوڕێکانیان پلنیۆمی سێیەمی ئاڵای شۆڕش لە ٤ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە زێوێ دەبەستن و ئەنجام لەگەڵ هەر یەکە لە پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی کەشکۆڵ بە ئەندامی ناوەندی ئاڵای شۆڕش – ئیتجاهی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی هەڵدەبژێدرێن.

عادل ڕەفیق لە حوزەیرانی ١٩٨٩ لە ڕێگای ئێرانەوە دەچێتە سوریا و پاشانیش دەچێتە هۆڵەندا، لە دوای ئەو قۆناغە بە یەکجاری دەست لە کاری سیاسی هەڵدەگرێت، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا میدیای کوردی لە ئەمستردام دادەمەزرێنێت. ئەنجام لە ژیانی ئاسایی بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و لە گردی سەیوان بەخاک دەسپێردێت.

## تەوەری دووەم: کورتە خوێندنەوەیەک بۆ ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق

عادل ڕەفیق بیرەوەرییەکانی لەژێر ناونیشانی "**هەندێک لە دێکۆمێنتەکانی ئاڵای شۆڕش**" لە دووتوێی (٧١٥) لاپەڕەدا لە ویبسایدی(www.belganama.com) بڵاوکردۆتەوە. لە بەرگی دواوەی کتێبەکەیدا ئاماژەی بە ساڵی ٢٠١٧ کردووە و شوێنی چاپی بەسەرەوە نییە، بەگوێرەی ئەوەی بەسەرییەوە نووسراوە لە لایەن خۆیەوە تایپکراوە.

بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق دابەشکراوەتە سەر پێنج بەش و پاشکۆی دێکۆمێنتەکان.

لە بەشی یەکەمدا: ئاماژە بە سەرەتاکانی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دەدات، ئینجا دێتە سەر قۆناغی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و تێیدا ڕووداوەکان و پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی و چالاکییەکانیان لە شاری سلێمانی لە دیدگای خۆیەوە باس لێوە دەکات.

لە بەشی دووەمدا: بە باسکردنی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و سەرەتای کاری سیاسی خۆی دەستپێدەکات، ئینجا دێتە سەر ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی. عادل ڕەفیق پاشان دێتە سەرباسی پێوەندییەکانی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش و دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمەش لەسەر کاریگەرییەکان ئەو ناکۆکییە و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەنووسێت تا ساڵی ١٩٧٠.

ناوبراو بەشی سێیەمی بیرەوەرییەکانی تەرخانکردووە بۆ قۆناغی دوای ١١ی مارتی ١٩٧٠ و ناونیشانی دوورکەوتنەوەی لە کاری سیاسی پێداوە، بەمەش لەگەڵ باسکردنی بارودۆخی ئەو قۆناغە باسی خەریکبوونی بە کاری مامۆستایەتییەوە کردووە، پاشانیش هاتۆتە سەر باسکردنی پێوەندییەکانی بە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان. عادل ڕەفیق لە باسی ئەو قۆناغەدا باسی پێوەندیکردنی بە شۆڕشی کورستان ساڵی ١٩٧٤ی کردووە، تا دەمی نسکۆ ساڵی ١٩٧٥ باسی چەند بابەتێکی کردووە.

بەشی چوارەمی: بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق تەرخانکراوە بۆ قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧٥ و کارکردنی لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان. لێرەشدا لەبەر ئەوەی ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی شارەکانی کۆمەڵەی و ئەندامی کۆمیتەی شاری سلێمانی بووە، ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە و ئاگاداری زۆرێک لە ڕووداوەکان بووە.

عادل ڕەفیق لە گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەدا بە تایبەتی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان خوێندنەوەی تایبەتی خۆیی بۆ ناکۆکییەکان و جۆر و هۆکارەکانی کردوون و بە ڕاشکاوی باسیکردوون بۆ هەندێکیشان ئاماژەی بە بەڵگەکانی بەردەستی کردوون.

بەشی پێنجەمی: تایبەت بە قۆناغی دوای دامەزراندنی ئاڵا شۆڕش، لەو بەشدا بە پشت بەستن بە چەند نامە و بەڵگەنامەی ڕووداوەکانی یادداشتکردوون. بەمەش سەرەتاکانی دامەزراندنی ئاڵا شۆڕش، ڕۆڵی مەلا بەختیار و هاوڕێیانی، سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر، هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرانبەریان و دواتریش دەستگیرکردنی مەلا بەختیار، مامۆستا پشکۆ، شێخ عەلی کەشکۆڵ، هەوڵەکانیان بۆ ئازادکردنیان هەموو باسکردوون. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژە بە چالاکییەکانیان لە ناو شارەکان کردوون، ئینجا بە چاپکردنەوەی هەندێک لە نامە و دیکۆمێنتەکان، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئاڵا شۆڕشی ئاماژە بۆ کردوون و، ڕەخنە و سەرەنجی خۆی لە بارەیەوە نووسیون.

شایەنی باسە، بەردەر لەو پێنج بەشە، عادل ڕەفیق ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڵگەنامەی لە کتێبەکەیدا داناون، لە ناوەڕۆکی کتێبەکەیدا پشتی پێیان بەستوون.

دواجاریش بە چەند وێنەیەک وەکی ئەو قۆناغەکە کۆتایی بە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی هێناوە.

## تەوەری سێیەم: هەڵسەنگاندنێک بۆ ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکان

دوای خوێندنەوە و وردبوونەوەمان لە ناوەرۆکی بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق دەکرێت بووترێت بیرەوەرییەکانی ناوبراو گرنگن و شایەنی خوێندنەوەن، لەبەر ئەوەی:

١. بەشێک لە مێژووی ئەو قۆناغەی، کە وەک کارەکتەرێک تێیدا بەشداربووە، نووسیوە.
٢. بە ڕوونی ڕا خۆی لەسەر کارەکتەرە سیاسییەکان نووسیوە، ڕەخنەی لێگرتووە.
٣. لە هەندێک شوێنی دانی بە هەڵەی خۆیدا ناوە و باسیکردوون.
٤. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوانەی نووسیویەتی بەشێکی باشی لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی بڵاوکردوونەتەوە.

شایەنی باسە، وێڕای ئەو خاڵا باشانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەکرێت بووترێت بیرەوەرییەکان لە هەندێک کەموکوڕی بە دوور نیین، لەبەر ئەوەی عادل ڕەفیق خۆی لە بیرەوەرییەکانی باسی هەندێک بابەتی گشتگیری کردوون، کە ڕەنگە بۆ بیرەوەرییەکانی ئەو لاوەکی بن. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە ئاڵا شۆڕش تێکڕایان نیین، بە بەڵگە ئەوەی خۆی لە هەندێک شوێنیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەڵگەنامەی دیکەی لایە و ماون. ئەوەش خوێنەر دەخات بەردەم سۆراغکردنی زانیارییەکە، کە ڕەنگە دەستکەوتنی ئەستەم بێت.

هەواڵنامەی کتێب

لایەنێکی دیکەی لەنگی لە بیرەوەرییەکانی عادل ڕەفیق کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی زۆری تێدان. دەکرێت بۆ چاپی دووەمی ڕاستبکرێنەوە و لەو لەنگییە ڕزگار بکرێت.

لە کۆتایدا بە ئومێدی منداڵەکانی عادل ڕەفیق هیمەتی ئەوە بکەن بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە مێژووییەی ماوە، پڕبکرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب